## پارێزگاری سلێمانی بەهرۆز محەمەد، بۆ ئاوێنە:

# لە ١٠٠ پرۆژە پارەی ٥٠ پرۆژە بەهۆی کەموکوڕییەوە راگیراوە

ئا: یەحیا بەرزنجی

**پارێزگاری سلێمانی بەهرۆز قەشانی، بەدەگمەن قسە بۆ میدیاکان دەکات، ئەو لەم چاوپێکەوتنەی ئاوێنەدا باس لەکێشەو گیرو گرفتەکانیو پلانی کارکردنی دەکاو دەڵێت "ئێمە کە هاتین بودجەی ساڵی ٢٠١٠ ش خەرج کرابوو".**

بەهرۆز محەمەد ساڵح قەشانی پارێزگاری سلێمانی — فۆتۆ: یەحیا

**ئاوێنە:** بۆچی تاکو ئێستا سلێمانی پارێزگارێکی میللییو خاکی بەخۆوە نەدیوە؟

**بەهرۆز:** پێویستە پارێزگار وێڕای ئیشوکارە ئیداریەکان کە سەرۆکی وەحدەی ئیدارییە، نزیک بێت لەهاوڵاتیانو کێشەکانیانەوە، بە نموونە گەڕان لەناو چینو توێژەکانو سەردانی فەرمانگەکانو زانینی کێشەکانیان لەو شوێنانە، بە سودی گشتی تەواو دەبێت، ئیشوکاری ئێمە زۆرە هەموو شەوێک تاوەکو ١١ شەو کار دەکەینو پێیڕاناگەین، ناکرێ هەموو کاتەکانیش بچێتە ناو خەڵکەوە، کارە ئیدارییەکانیش کاتی خۆی دەوێت، بەڵام دەبێت نزیک بیت لەخەڵکەکەتەوە، ئێمە ئێستا وەهامان کردووە.

**ئاوێنە:** تۆ وەها دەڵێیت بەڵام ئێمە پارێزگارمان دیوە تەنها لەتەلەفزیۆندا، دوور بووە لەخەڵکەوەو لووت بەرز بووە؟

**بەهرۆز:** هەموو کەسێک پلانێکی هەیە، سەرەتا پێویستە ناوماڵەکەی خۆت ڕێکبخەیت، ئەوسا دەبێت بچیت بەرەو شوێنیتر، ئێستا دەستمان بەدەرەوەش کردووە، بێبەرنامە سەردانی فەرمانگەکان دەکەین، تەنانەت خەفارەتەکانیش، هەروەها هاوئاهەنگییەکی باشمان لەگەڵ هەموو سەرۆک فەرمانگەکاندا هەیە. ڕۆژێکیشمان داناوە بۆ بینینی هاوڵاتییانی شارەکەو گیروگرفتەکانیان، هەر ئەو ڕۆژەش چی بە تەلەفون بۆمان بکرێت چارەسەری دەکەین.

**ئاوێنە:** شەوی ڕابردوو چەند فەرمانگەیەکت بەشەو بەسەر کردووەتەوە، چەندی بەر دەستخۆشی کەوتنو چەندیشی بەر ئیجرائات کردن کەوت؟

**بەهرۆز:** سەردانی بەکرەجۆمان کرد، لەبارەی ئاگر کوژێنەوە، داوای مەجلیسی لێکۆڵینەوەم کردووە کە لەسەریان بگیرێ، چونکە دوو حەریقییان هەیە، هەردوکییان پەکیکەوتووە، ئەگەر ئاگرێک لەبەکرەجۆ لەو شەوەدا بکەوتایەوە کێ بەفریادیان دەکەوت؟ هەرچەندە کارمەندەکانی هەمووی ئامادەبوون، نەخۆشخانە زۆر پاکوخاوێن بوو، بەڵام هاوڵاتیان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە لەبەکرەجۆ هەفتەی دوو ڕۆژ سۆنەر دەکرێت، لەو کاتە پەیوەندیم بە بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی کرد کە بۆچی وایە، ئەویش بڕیاریدا بە پێی تواناکانیان چارەسەری ئەو گرفتە بکات، هەروەها هاوڵاتیان گلەیی ئەوەیان دەکرد کە تاکو ئێستا پزیشکی ئافرەتانە لەنەخۆشخانەکە نییە، لەکاتێکدا بەکرەجۆ وەکو شارێکە پێویستە لەڕۆژو شەودا پزیشکی وێلادە هەبێتو سۆنەریش هەموو ڕۆژێک بکرێت. دەستخۆشی ئەوەشمان لێکردن کە فەرمانبەرەکان هەمووی لەوێ بوونو نەخۆشخانەکەش پاکو خاوێنبوو. ئەم سەردانە مەیدانییانە گرنگە، لەنزیکەوە گرفتی هاوڵاتییان دەزانی، لەلایەکیتریشەوە فەرمانبەران دەبینی لەکاتی کارەکەیان، بەنموونە ئێمە تەعمیمێکمان دەرکردووە، لەهیچ فەرمانگەیەک نابێت ئەوە بمێنێ کە کات بۆ نانخواردن دیاری بکرێت، بەنموونە تۆ سەعاتێک لەهاوڵاتییان دەخۆیت، ئایا دوای دەوامەکەت ئەوەی بۆ تەعویز دەکەیتەوە! بەدڵنیاییەوە ئەوە ناکەن، لەبەر ئەوە نابێت مافی هاوڵاتییانیش بخوڕێتو ئەوەش کارێکی یاسایی نییە.

**ئاوێنە:** لەوکاتەوەی بەڕێزت بوێتەتە پارێزگار پرۆژەکان وەکو پێویست ناڕوات بەڕێوەو ئەوتریت پرۆژەکان وەستاون، لەو بارەیەوە چی دەڵێیت؟

بەهرۆز: ئەو پرۆژانەی کە بەردەوام بووەو تەواو نەکراوە هەر بەردەوامە، بەڵام ئەوانەی کە لەقۆناغی تەندرینداین، وەستانمانو جارێکیتر پیاچونەوەمان کرد بە شێوازی تەندرینەکانو شێوازی بانگەواز بە هەمئاهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکان، بەنمونە لەم پارێزگایە تەندرین بەشێوەیەک کراوەو لەفەرمانگەیەکیتر بەشە گرنگە پەراوێزخراوە، ئێستا ئێمە لەبەرنامەماندایە، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین ئاو گرنگترە لەبنکەی پۆلیس، بەڵام نابێت ئەو لایەنە گرنگەش لەوە زیاتر پەراوێز بخرێت.

**ئاوێنە:** لەدوای ڕوداوەکەی ئوتێل سۆما بڕیاردرا لەلایەن سەرۆکی وەزیرانەوە کۆمەڵێک بەڕێوبەر لابدرێت، ڕاستە جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارە بەهۆکاری تەدەخولاتی تڕەوەیە؟

**بەهرۆز:** لەدوای سۆما لیژنەکە هەموو خەڵەکانی باس کردووە، یەکەمجاریشە خۆمان کەموکورتییەکانمان ئاشکرا بکەین، هێشتا لێکۆڵینەوەی تریش ماوە، لەگەڵ شارەوانییەکان لەسەر دروستکردنی بیناکە، لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەدائی فەرمانگەکانمان بووە لەکاتی کارەساتەکەدا، هەندێ کەموکوڕی هەیەو ئیجرائات دەکەین.

**ئاوێنە:** هەست ناکەیت تا ڕادەیەک ئەو بڕیارە ناعەدالەتی تیایە، کە هەندێ بەڕێوبەر دەگۆڕیت لەسەر هەندێ کەموکوڕی کە کەموکوڕی حکومەتە نەوەکو ئەوان؟

**بەهرۆز:** ئەدائی فەرمانگەکان باش بووە، بەڵام فەرمانگەیەکی وەکو بەرگری شارستانی کە پێداویستی پێویستی لەبەردەستدا نەبێت بەچی کۆنترۆڵی ئاگرەکە بکات، بڕیاری لەو شێوەیە نییە، بەڵام بەگشتی گۆڕانکارییمان کردووە، تا ئێستا لەسەر ئەو بابەتە بڕیاری ئەوە نەهاتووە کە خەڵکێک لابەرین، لەو ڕوداوە پلانی پێشوەختی حکومەت چاک نەبووە لەدابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو فەرمانگانە، هەروەهاخەڵەلی بیناو ئاپارتمانەکان لەم شارەدا.

**ئاوێنە:** ئەو ساردییەی لەنێوان ئەنجومەنەکەو تۆدا هەیە، تاچەند کاری کردووەتە سەر ئیفلیجی ئیشوکارەکان؟

**بەهرۆز:** سەرەتا من بە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا نەهاتووم، من لەئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکایەتی هەرێمەوە دامەزراوم، ئەوانە تازەترین دوو دەزگای هەڵبژێردراون، ئەوان کاتی خۆی برادەرانی ئەنجومەن بەسیستمێ کاربیان کردووە، لەگەڵ کاک داناداا، ئیشەکانیان ڕۆیشتووە، ئاکامی ئیشەکانیشییان ئەوەیە کە خەڵک دەیبینێت، من حەزم لەکاری یاساییە، دەمەوێت یاسا، پەیوەندییەکانمان دیاری بکات کە ئەوان کاربیان چییەو پارێزگاش کاری چییە، ئەم یاسایەی ئێمە لەسەری دەڕۆین هی ساڵی ١٩٦٩، لەیاسا تازەکەی پەرلەماندا هاتووە کە پارێزگاکان چۆن کار دەکەن، لەو نێوەندە تەزاروب هەیە، ئێستە ئێمەو ئەوانیش داوامان کردووە کە دەبێت یاسایەک هەبێت کارەکانمان بۆ ڕێکبخاتو چاوەڕوانی ئەوانین، ئەنجومەن دەسەڵاتێکی تەشریعییەو چاودێرە بەسەر کارەکانی پارێزگاوە، ئێمەش دەسەڵاتێکی جێبەجێکەرین، پێویست ناکات ئەو دوو دەسەڵاتە تێکەڵ بە یەکتر بکرێن. ئەبێت پەرلەمانو حکومەت ئەو کێشەیە یەکلابکەنەوە، بە چ یاسایەک کار دەکەین، ئەو یاسایەی منی هێناوە دەڵێت ئەنجومەن دەسەڵاتێکە چاودێرو پلان دانەرە، بەڵام ئەگەر بڵێن بەو یاسایەی ئەوان کار دەکەین، ڕەنگە من موخالیف بم، لەبەر ئەوە من لەشوێنێک نابم کە بەنایاسایی بێت.

**ئاوێنە:** مەبەستت ئەوەیە ١٨ پارێزگار بە هەڵبژاردن، پارێزگار دانراوە، تۆ بە تەعین هاتووی؟

**بەهرۆز:** ئەو بڕیارانەی کە بۆ پارێزگاکان دەرچووە شمولی کوردستان ناکات، تەنانەت لەبڕیارەکەی بڕێمەڕیش، لەبڕیاری پەرلەمانی دەڵێت ئەو بڕیارانەی من لەدەورەی داهاتوو کاری پێدەکرێت، ئیتر کار بە یاسای ٥٩ ناکرێت. ئێستا بەچی کار دەکرێت، ئێمە گۆشەنیگایەکمان هەیە، هەندێک لەوانیش گۆشەنیگایەکی تریان هەیە. هەردولامان خزمەتی شارەکە دەکەین، بەڵام پێویستمان بە یاسایەکە کارەکانمان ڕێک بخات.

**ئاوێنە:** لەسەردەمی پارێزگاری پێشوو زۆربەی پرۆژەکان دەدرایە چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو، دەوترا کە نزیکن لەگۆڕانەوە، ئێستا لەسەردەمی تۆدا کە خۆشت پێشتر لەکۆمپانیای تۆکان بویت، ڕەنگە لەمەولا تۆکان لەپرۆژەکانی پارێزگار پشکی شێریان بەربکەوێت؟

**بەهرۆز:** لەبەرنامەماندایە زۆربەی پرۆژەکان بە دەعوە موباشیر بدەین، هەندێ پرۆژە نەبێت کە بە دەعوە خاسە بدرێت، ئەوەش لەو کاتەی پرۆژەیەک بە چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو دەکرێت، لەو کاتانەش دەعوە تایبەتەکانیش دەبێت لە١٠ کۆمپانیا کەمتر نەبن. ئەبێت ئامار بکەیت کە لەپرۆژەکانی پارێزگار، تۆکان چەندی وەرگرتووەو بەڵێندەری تریش چەند، هەندێ پرۆژە ئەگەر بە تەکلیف کردبێتی لەبەر ئەوە بووە کە کۆمپانیای تر توانای ئەو کارەیان نەبووە بیکەن بۆیە بە دەعوە خاسە دراوەتە تۆکان یان هەر کۆمپانیایەکیتر.

لەو ڕۆژەوەی من هاتومەتە ئێرە تۆکان خۆی بڕیاری داوە هیچ نەیەتە ئەو مونافەسانەوە، تەنانەت یەک تەندەریشی نەکڕیوە. ئەگەر کڕیشییان ئێمە یەک ئیشییان نادەینێ.

**ئاوێنە:** ئەو مەلەوانگانەی بۆ گەڕەکەکان دروست کران چییان بەسەر هات، هەروەها یاریگا وەرزشییەکان، هەست ناکەی نرخەکانیان زۆر گرانە؟

**بەهرۆز:** مەلەوانگەکان ئەوەی تەواو بووە داوامانتە نادییەکان، ئەوەی مابێت کە تەواو نەکرابێت هەوڵنەدەین تەواوی بکەین، ئێمە سیستمێکی ترمان داناوە بۆ یاریگاکانو مەلەوانگەکانیش، ئەوەی حکومەت دروستی کردووە، ڕێگە نادەین ئەوانەی بەڕێوەی دەبەن بە پارەیەکی زۆر بیدەنە کرێ، پارەکەمان کەم کردووەتەوە، ئێمە وەکو حکومەت خزمەتگوزاریو پاسەوانو ئەو شتانەی دەخەینەوە سەر خۆمان، تاوەکو بە پارەیەکی ڕەمزی بدرێتە کرێ. بەڵام ئەوانەی کەرتی تایبەت ناتوانین دەخالەتییان بکەین. ئەوانەی لای ئەنجومەنی وەزیرانی کۆن هەمووی کراوە بە بەلاش. لەگەڵ نادییەکان لەمفاوەزاتدابن کە ئەو خزمەتگوزارییانە دابین بکەین، ئەوانیش نرخەکەی زۆر کەمتر بکەنەوە.

> ئێمە تەعمیمێکمان دەرکردووە، لەهیچ فەرمانگەیەک نابێت ئەوە بمێنێ کە کات بۆ نانخواردن دیاری بکرێت، چونکە نایاساییە

## ئەگەر نۆکان تەندەریش بکرێت ئێمە یەک پرۆژەیان نادەینێ

**ئاوێنە:** تاچەند پارێزگاری پێشوو میزانییەی ئەو ساڵیشی لەپرۆژەکاندا خەرج کردووە؟

**بەهرۆز:** ئێمە کەهاتین سەیرمانکرد بودجەی ساڵی ٢٠١٠ ش خەرج کراوە، بەهاتنی من بودجەکەش نەمابوو، ئێستا هەر ئەو پرۆژانەیەو ئێمەش وردە وردە دەستمان کردووە بە ئیعلانکردنی، لەمساڵدا. ئێمە تەکمیلەی پرۆژەکانی ٢٠٠٩ دەکەین، کێشەیەکیتر ئەوەیە کە زۆربەی پرۆژەکان ڕێژەی زیادکردنی لە٣٠٪ بەرەو سەرە کە ئەوەش وەهای کردووە کە سەرفکردنی پارەی زیاتر بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە، لەجێبەجێکردنی پرۆژەیەکیتر بخوات. ئەوەش وەهای لێهاتووە لەپارەی میزانییەی ٢٠١٠ ش بخوات.

**ئاوێنە:** تۆ وەکو ئەندازیارێک ئەوە بەخەڵەل نابینی، سەرەڕای ئەو پارەیەی بۆ پرۆژەیەک بڕاوەتەوە، دواتر بۆ تەکمیلەکردنی پارەی زیاتری بۆ خەرج بکەن، هۆکاری ئەوە چی بووە؟

**بەهرۆز:** ئەو پرۆپۆزەڵو دەرخستانە کە کراون، جێگاکەیان نەبینراوە یان ئەندازیارەکان بە وردی ئەو نەخشەو دیزاینانەیان نەکردووە، بەنموونە ئەگەر ١ ملیاریان بۆ پرۆژەیەک دانابێت، بەڵام لەئەرزی واقیع زیاتری تێچووە، ئەوەش وەهای کردووە هەر پرۆژەیەک لەپارەی پرۆژەیتری خواردووەو هەروەها. ئەوە خەڵەل بووەو بێپلانی بووە، ئێستا ئێمە دەمانەوێ ئەو کارانەی ڕابردوو دووبارە نەکەینەوە.

ئێستا ئێمە دەرخستەکان دەگەڕێنینەوە بۆ فەرمانگەکان خۆیان، واتە لەمەولا هەموو پرۆژەیەک دەدرێتەوە بە لایەنی پسپۆر، هەموو کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات، ئەوسا ئێمەش وەک پارێزگار ڕەزامەندی لەسەر دەکەین، ئێمە وەک پارێزگار ئەگەر بمانەوێت پرۆژەیەکی ڕێگاوبان جێبەجێ بکەین، دەبێت دیزاینو دەرخستەکەی بچێتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئەوان پسپۆرترن، پاش هاتنەوەی ئەوسا ئێمەش ڕەزامەندی لەسەر دەکەین، بەم هەنگاوە ڕەنگە کەمترین پارەی زیادتر لەپرۆژەکان سەرف بکەین. لەوەوبەر لەو بڕیارانەی چاودێری دارایی کە لەجێگەی خۆیدابووە یاخود نا، ئەوانەی پارەکانییان وەستێنراوە لەوانەن کە ناوییان لەو ڕاپۆرتانە هاتووە.

ئاوێنە: چەند بەڵێندەر ناوی لەو ڕاپۆرتانەدا هاتووە؟

**بەهرۆز:** لەپیاچوونەوەی ١٠٠ پرۆژە لەلایەن دیوانی چاودێریی داراییەوە، ٥٠ بەڵێندەر بەهۆی کەموکوڕییەوە پارەکەی وەستێنراوە، هەر بەڵێندەرێک لیژنەکە لەسەری بڕیاربدات کە چاودێری دارایی ڕاستی کردووە، پارەکەی لێوەردەگرینەوە، ئەوەی وەها نەبێت، مامەڵەکانیان بۆ تەواو دەکەین.

**ئاوێنە:** ستافی ئیداری ناو پارێزگای سلێمانی هەمووی گۆڕاوە، هەندێک باس لەوە دەکرێت کە پەیوەندی بەو گەندەڵییانەوە هەیە کە لەپارێزگای سلێمانی ڕویدا، هەندێکیتر دەیگەڕێننەوە بۆ مەسەلەی حیزبایەتی، لەو بارەیەوە چیمان پێدەڵێیت؟

**بەهرۆز:** من بەخۆم یەکێتیمو شانازیشی پێوە دەکەم، بەڵام هەرگیز لێرە وەک سیستمی حیزبایەتی کارناکەم، ئێرە پارێزگایەکە، من پارێزگاری هەموو شاری سلێمانیم، هەرگیز من لێرە حیزبایەتی ناکەم. هەقی خۆمە کە سیستمی ئیداریەکەی خۆم چاک بکەمو گۆڕانکاری تیابکەم، پێویستمان بە بەخۆداچوونەوەی بەردەوام هەیە، بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان. ئەوانەی دادگایان لەسەرە دادگا بانگی کردوونو لێرە نەماون، لەپارێزگای سلێمانی کەسێک لەکارەکەیدا نەماوە کە لەلایەن دادگاوە داواکراو بێت. ئێمە حساباتمان بۆ کەیسەکانی دادگا کردووە کە فەرمانبەرێکی پێوە گلابێت، هەروەها لیژنەی تریش لەئەنجومەنی وەزیرانەوە هەبووە لەسەر کاروبارەکانی پارێزگاکە، ئەوانەش بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە بۆ تەقیمکردنی ئەو فەرمانبەرانە.

**ئاوێنە:** لەپێشوو پرۆژەکانی هەموو پارێزگاکە لەپارێزگاری سلێمانییەوە تەندەرینو دەرخستەو ئیجرائاتەکان دەکراو جێبەجێدەکرا، تاچەند تۆ ئەو مەرکەزییەتە ناهێڵی، تاچەند پارێزگا وەک دابینکەری بودجەی لێدەکەیو چاودێر؟

**بەهرۆز:** لەوەوبەر بەهۆی بارودۆخی تایبەتی لەپارێزگار، ئیشوکاری فەرمانگەکانی تریش لێرە کراوە، ئەو شێوەکارکردنە جەنجاڵیو قەرەبالغی دروست کردووە، لەرابردوو پارێزگای سلێمانی لەزۆر پرۆژەدا بەدیللی فەرمانگەکانی تریش بووە، سیاسەتی تازەی ئێمە ئەوەیە کە پرۆژەیەک بەشە گرنگە پەراوێزخراوە، ئێستا ئێمە لەبەرنامەماندایە، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین ئاو گرنگترە لەبنکەی پۆلیس، بەڵام نابێت ئەو لایەنە گرنگەش لەوە زیاتر پەراوێز بخرێت.

**ئاوێنە:** پارکی مەولانا کە پارەی بۆ تەرخانکراوە بکرێ بە پارکو سەوزایی، ئێستا بەشێکی دراوە بە کەرتی تایبەت، لەکاتێکدا سلێمانی پێویستی بە سەوزاییە وەک لەپرۆژەکانی کەرتی تایبەت؟

**بەهرۆز:** نوسراوێک هەیە بۆ ئەو پرۆژەیە، بەڵام لەبودجە هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، شتێک نییە وەکو پارکی مەولانا پارەی بۆ تەرخان کرابێت، ڕەنگە ٢٠٠٩ پارەی بۆ دانرابێت، بەڵام لە٢٠١٠ دا ئەو بودجەیە نەماوە. ئیحتمالە لەپرۆژەیتردا خەرج کرابێت. لەبەر ئەوە بیرکرایەوە لەڕێگەی بەڵێندەری ناوخۆییەوە جێبەجێبکرێت، بەشێکی زۆری پارکەکە بێت، ڕێژەی ٣٠٪ بۆ ٤٠٪ ی بکاتە پرۆژەیەکی وەبەرهێن بەو دیزاینو نەخشانەی لەسەری ڕێکەوین.

> ئەمساڵ دەبێت کەمترین گەڕەک لەسلێمانی تۆڕی ئاوی نەبێت، جوان نییە لەساڵی ٢٠١٠دا بەتەنکەر ئاو ببەین بۆ ماڵان

**ئاوێنە:** بەشێک لەداهاتی نەوت تەرخانکراوە بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکانی پارێزگاکانی هەرێم، ئەوە تاچەند ڕاستە، سلێمانی چەندی بەردەکەوێت؟

**بەهرۆز:** ئەو پارەیەی لەنەوت تەرخانکراوە نزیکەی ٢٠٠ ملیارە پارێزگای سلێمانیو گەرمیانیش لە٤٣٪ ئەو بڕە پارەیەی بۆ دابین دەکرێت، لەگەڵ زۆربەی شوێنەکان ئەولەوییاتمان داوە بە خزمەتگوزاری، دەرخستەکانمان ناردووە بۆ وەزارەتی پلان دانان، کەی موسادەقە کرا دەست دەکەین بە جێبەجێکردنییان. دەبێت ئەمساڵ وەها بکەین کەمترین گەڕەک لەسلێمانی تۆڕی ئاوی نەبێت، بۆ ئێمە جوان نییە لەساڵی ٢٠١٠دا بە تەنکەر ئاو ببەین بۆ ماڵان.

**ئاوێنە:** کەرتی پۆلیس لەم شارە بەتەواوەتی پەراوێز خراوە، لەکاتێکدا کەرتێکی گرنگەو ڕۆژانەش قەرەبالغییەکی یەجگار زۆری لەسەرە، بەڵام بنکەکانی پۆلیس لەپۆلیسخانە ناچێتو زۆر پەرپووتە، پێداویستییەکانی بیناکانیشییان هی ساڵی شەستەکانە، تاکەی وەها دەمێنێتەوە؟

**بەهرۆز:** پێویستە ئاوڕ لەپۆلیس بدرێتەوە، ١٩ ساڵە حکومەتین تاکو ئێستا لەسلێمانی مەخفەڕێکمان دروست نەکردووە، بنکەیەکی پۆلیس، لەکاتێکدا هەموو هاوڵاتییەک ڕێیدەکەوێتە بنکەیەکی پۆلیس، هیچ مواسەفاتێکی تیا نییە، تاکو ئێستا ئەو هەموو شتەکانی تەواو بوو فەرمانگەکە خۆی سەرپەرشتی پرۆژەکە بکات، ئێمە تەنها چاودێری دەکەین.

**ئاوێنە:** پارکی مەولانا کە پارەی بۆ تەرخانکراوە بکرێ بە پارکو سەوزایی، ئێستا بەشێکی دراوە بە کەرتی تایبەت، لەکاتێکدا سلێمانی پێویستی بە سەوزاییە وەک لەپرۆژەکانی کەرتی تایبەت؟

**بەهرۆز:** نوسراوێک هەیە بۆ ئەو پرۆژەیە، بەڵام لەبودجە هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، شتێک نییە وەکو پارکی مەولانا پارەی بۆ تەرخان کرابێت، ڕەنگە ٢٠٠٩ پارەی بۆ دانرابێت، بەڵام لە٢٠١٠ دا ئەو بودجەیە نەماوە. ئیحتمالە لەپرۆژەیتردا خەرج کرابێت. لەبەر ئەوە بیرکرایەوە لەڕێگەی بەڵێندەری ناوخۆییەوە جێبەجێبکرێت، بەشێکی زۆری پارکەکە بێت، ڕێژەی ٣٠٪ بۆ ٤٠٪ ی بکاتە پرۆژەیەکی وەبەرهێن بەو دیزاینو نەخشانەی لەسەری ڕێکەوین.

**ئاوێنە:** بەشێک لەداهاتی نەوت تەرخانکراوە بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکانی پارێزگاکانی هەرێم، ئەوە تاچەند ڕاستە، سلێمانی چەندی بەردەکەوێت؟

**بەهرۆز:** ئەو پارەیەی لەنەوت تەرخانکراوە نزیکەی ٢٠٠ ملیارە پارێزگای سلێمانیو گەرمیانیش لە٤٣٪ ئەو بڕە پارەیەی بۆ دابین دەکرێت، لەگەڵ زۆربەی شوێنەکان ئەولەوییاتمان داوە بە خزمەتگوزاری، دەرخستەکانمان ناردووە بۆ وەزارەتی پلان دانان، کەی موسادەقە کرا دەست دەکەین بە جێبەجێکردنییان. دەبێت ئەمساڵ وەها بکەین کەمترین گەڕەک لەسلێمانی تۆڕی ئاوی نەبێت، بۆ ئێمە جوان نییە لەساڵی ٢٠١٠دا بە تەنکەر ئاو ببەین بۆ ماڵان.

**ئاوێنە:** کەرتی پۆلیس لەم شارە بەتەواوەتی پەراوێز خراوە، لەکاتێکدا کەرتێکی گرنگەو ڕۆژانەش قەرەبالغییەکی یەجگار زۆری لەسەرە، بەڵام بنکەکانی پۆلیس لەپۆلیسخانە ناچێتو زۆر پەرپووتە، پێداویستییەکانی بیناکانیشییان هی ساڵی شەستەکانە، تاکەی وەها دەمێنێتەوە؟

**بەهرۆز:** پێویستە ئاوڕ لەپۆلیس بدرێتەوە، ١٩ ساڵە حکومەتین تاکو ئێستا لەسلێمانی مەخفەڕێکمان دروست نەکردووە، بنکەیەکی پۆلیس، لەکاتێکدا هەموو هاوڵاتییەک ڕێیدەکەوێتە بنکەیەکی پۆلیس، هیچ مواسەفاتێکی تیا نییە، تاکو ئێستا ئەو هەموو شتەکانی تەواو بوو فەرمانگەکە خۆی سەرپەرشتی پرۆژەکە بکات، ئێمە تەنها چاودێری دەکەین.

**ئاوێنە:** پارکی مەولانا کە پارەی بۆ تەرخانکراوە بکرێ بە پارکو سەوزایی، ئێستا بەشێکی دراوە بە کەرتی تایبەت، لەکاتێکدا کەرتێکی گرنگەو ڕۆژانەش قەرەبالغییەکی یەجگار زۆری لەسەرە، بەڵام بنکەکانی پۆلیس لەپۆلیسخانە ناچێتو زۆر پەرپووتە، پێداویستییەکانی بیناکانیشییان هی ساڵی شەستەکانە، تاکەی وەها دەمێنێتەوە؟

**بەهرۆز:** پێویستە ئاوڕ لەپۆلیس بدرێتەوە، ١٩ ساڵە حکومەتین تاکو ئێستا لەسلێمانی مەخفەڕێکمان دروست نەکردووە، بنکەیەکی پۆلیس، لەکاتێکدا هەموو هاوڵاتییەک ڕێیدەکەوێتە بنکەیەکی پۆلیس، هیچ مواسەفاتێکی تیا نییە، تاکو ئێستا ئەو هەموو شتەکانی تەواو بوو فەرمانگەکە خۆی سەرپەرشتی پرۆژەکە بکات، ئێمە تەنها چاودێری دەکەین.

> داوای مەجلیسی لێکۆڵینەوەم کردووە لەسەر ئاگر کوژێنەوەی بەکرەجۆ، چونکە لەکاتی سەردانەکەمدا دوو حەریقییان هەبوو، هیچیان کاری نەئەکرد

**ئاوێنە:** بۆچی لەمیدیاکانەوە دەرناکەویت؟

**بەهرۆز:** من حەز ناکەم باسی شتێ بکەم کە نەکرابێت، حەز ئەکەم پرۆژەی باش جێبەجێ بکەین ئەوسا میدیا بڵێ چیتان کردووە، با شتەکانمان ببینرێ ئەوسا بڕیاری لەسەر بدرێت، حەز ناکەم بە میدیاکان بڵێم ئەوە دەکەینو وەها دەکەین کە هێشتا هیچمان نەکردووە.